ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE

# چەند لاپەڕەیەکی سپی.. چەند لاپەڕەیەکی ڕەش

**نوسینی : سعید الغامدی**

**وەرگێرانی : باوکی محمد**

**27.02.2005**

لاپەڕەکانی مێژوو هەڵئەدەمەوە بۆ گەڕان بە دوای لاپەڕەیەکدا کە ڕەشتربێت لەوەی کە ئێستە تیایدا ئەژین.. هیچ نیە.. ! ئەو لاپەڕانەی کە هەڵمدانەوە سپی بوون..جار جار هەندێ خاڵی ڕەشیان تیا پەرتو بڵاو بوبوو ، کە ئەگەر لە ناهەموارترین حاڵەتیدا بوایە ئەو خاڵانە کۆ دەبونەوەو دەبونە پەڵەیەکی ڕەش ! بەڵام ئەم لاپەڕەی ئەمڕۆ تیایا ئەژین- لە بەد بەختیدا لاپەڕەیەکی درێژە.. زیاتر لە سەد ساڵە درێژەی هەیە.

ئەم لاپەڕە.. ڕەشە..کە چەند خاڵێکی سپی تیا بڵاو بۆتەوە لە لێرەو لەوێ.. ئەگەر شتێك ببێتە هۆی ژیانەوی هیواو ئاواتێك ئەوەیە کە ئەو خاڵانە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ گەورەتر ئەبن و ڕوبەریان فراوانتر دەبێ.

بەڵام لە مەڕ هۆی ئەم تاریکییە ئەنگوستەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی تیایدا ئەژی، ئەوە —بێ گومان- ئاوابوونی ڕۆژی ئیسلامە لێی، وە دەرکەوتنی دڕندەیەکی تاوانکار، شەڕەنگێز، هولامی،کە ناوی"سەرمایەداری"یە.

دوای ئەوەی کە بە نەمانی ئیسلام مرۆڤایەتی کەوتە فاجیعەو ئێشو ژانەوە، ئەم دڕندە شەرەنگێزە بۆگەنە دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیتر خراپترینو ئێشو ئازاری چەشت بە مرۆڤایەتی.. لە بێ ئاگاییەکی ئەم مرۆڤایەتی مەنکوبو ماف لێ سەنراوە.

ڕۆژی ئسلام ئاوا نەبوبوو، یەکسەر تاریکایەکی ئەنگوستەچاوی ترسناك جێی گرتەوە.. جەنگانێکی خوێناویو ترسناکو وێرانکەر بەرپابوو کە تاکە پاڵنەری چلێسیو تەماعو تالآنی بوو.. خوێنێکی زۆر ڕژێنرا.. ملێۆنەها کەس کوژرا..وە دەیەها ملێون دەربەدەرو بێ سەرو شوێن کران.. وولآت خاپورو وێران بوو.. چەندەها شار سوتێنران بە تەواوی.. وەچەو کێڵگەو هەموو شتێك وێران بوو.. فەسادو خراپەکاری ئاوو ووشکایی گرتەوە.

نیە لە لاپەڕەکانی مێژوودا ڕژێمێك هیندەی"ڕژێمی سەرمایەداری"ستەمکاریو دلڕەقیو داپڵۆسینو وێرانکاری بۆ مرۆڤ هێنابێت.. تەنانەت"ڕژێمی سۆشیالیست" لە گەڵ ئەو هەموو کوفرو ستەمەیدا، چۆکی دادا لە بەردەمیداو خۆی بۆ نەگیرا لە بەردەم ئەم دڕەندە هولامیەدا.

ئەمڕۆ بۆ هەر شوێنێك بڕۆیتو ڕوو لە هەو جێگەیەك بکەیت، ستەملێکراوەکانو لە ناوچووەکانی دەستی سەرمایەداری ئەبینیت کە بێ دەرەتان و هیچ چارەیەکیان نیە.

لە ناوجەرگەی سەرمایەداریەوە دەست پێ بکە.. ڕۆژئاوا..سەیری ڕێژەی ئەو دەربەدەرانە بکە کە هیچ شوێنێکی حەوانەوەیان نیە..سەیری ئەو هەژارو داماوانە بکە کە تەنانەت نازانن هۆی هەژاریو بێ چارەییان چیە کە کۆتایی نایەت.. سەیری ئەوە بکە کە ئەبێت ٩٩٪ خەڵکی شەوو ڕۆژ بەردەوام کار بکات، تاکو ١٪ کەی تری"چینی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

سەرمایەدار"هەمیشە لە خۆشگوزەرانیدا بنو گشت سامانێك لە بن باڵی ئەواندا كۆ بێتەوە وەك قارونێكی ئەم سەردەمە بژین.

سەیری ئەمریكای لاتینی بكە.. سەیری دڵەراوكێو بوئس بكە لە چاوی ئەو خەڵكەداو بزانە لە چی هەژاریو نەبونیەكدا ئەژین.. لە چی كێشەیەكی ئابوری خنكێنەردان.. لە كاتێكا سامانەكەیان شەیتانەكانی سەرمایەداری ئەم سەردەمە قوتی ئەدەن ئەیلوشنەوە.

سەیری ئەفریقیا بكە.. سەیركردنێك خێراو چاو ڕفێن بۆ ئەو كیشوەر هەژارو بێ دەرەتانە.. دڵ لەت لەت ئەبێتو ئەفڕێت لە ئازارو دڵتەنگیدا.. ملیۆنەها كەس ژیانێك ئەژین ئاژەلیش پێی قبوڵ نیە.. خەڵكانێك ئەمرن لە برسا.. نەخۆشی چواردەوریان ئەداو ئەیانپێچێتەوە.. چەندەها جەنگو شەڕی جەرگ بڕ كە شەیتانەكانی سەرمایەداری ئاگری خۆش ئەكەنو هەڵیئەگیرسێنن.. گوێش نادەن بەوەی كە ملیۆنەها كەسی لە پێناوی بەرژەوەندیەكانیاندا سەر بنێتەوە.

سەیری ژن بكە.. چەند هەژارە.. چۆن سەرمایەداری كردویەتیە كاڵایەكی زۆر بێ نرخ تاكو ئارەزووی بەرالاكانی سەرمایەداری تێر بكەن.. كردویەتیە ئالەتێكی فەسادو خراپەكاری هیچ ناهێڵتەوە خراپی نەكات..

تاكو ئێستە هەموو فەشەلیان هێناوەو دەسەوسان وەستاوون لە بەردەم دەستو پێكردنی ئەم دڕندە شەڕەنگێزەدا..تەنانەت شەیتانەكانی خۆشیان ناتوانن لە سنورێكدا بیوەستێنن.. بە شێوەیەك كە هەندێكیان بوونە زەحیەی پەلو پۆی درێژی ئەم دڕەندە ملهوڕە.. تا باڵێكی ئەبڕن لەو لاوە چەندەها باڵی گەورەترو بە هێزتر دروست ئەكاتەوە..

شەیتانەكای سەرمایەداری بەرەو وولاتی ئیسلام هاتن تاكو هەرچی خێرو بێرو بەندەكان هەیە بیبەنو لوشی دەن.. بە پاساوی ڕزگار بوون لە چەكی كۆكوژیو وێرانكەری گشتگیر كە مەترسی ئەنێتەوە بۆ جیهان !!!!

ئێمەیش بە هەموو جیهان ئەڵێین و ڕای ئەگەیەنین.. سەرمایەداری.. هەر ئەو وێرانكەرو خاپوركەری جیهانە.. هۆی شەڕو ئاژاوەو وێرانكردن و نەگبەتی ئەم مرۆڤایەتیە گشتی سەرمایەداری و شەیتانەكانی سەرمایەدارین ،،

لەم سەرزەویەشدا هیچ هێزێكو هیچ بوونێك نیە كە بتوانێت زاڵ بێت بە سەر ئەم وێرانی و خاپورەدا.. مرۆڤایەتیش بە گشتی دەرباز بكات لە شەڕو شەڕەنگێزی، تەنها ئیسلام نەبێت..

تەنها ئیسلام توانای ئەوەی هەیە كە ئەم دڕەندە خوێن ڕێژە بێ ئەمەكە بەرەو دۆزەخ بەرێت.. بێ ئەوەی توانای گەڕانەوەی هەبێت..

تەنها ئیسلام ئەتوانێت ئەو تاریكاییە ئەنگوستە بڕەوێنێتەوە كە سەرمایەداری بە سەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە..

ئەی مسوڵمانان ،، ئێوە هیوای مرۆڤایەتین.. !!"و یابی الله الا ان یتم نوره و لو كره الكافرون"